# ئاڵەکۆک

ژمارە ٣

جوزەردانی ٨٤

تایبەتی منداڵان



ئاڵەکۆک
تایبەتی منداڵان



خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد بەحری

دەستەی نووسەران: فەرەیدوون حەکیم زادە
یۆسف فازلی

تەڕاحی ڕووبەرگ: شیوەن حەسەن پوور

تایپ و ڕازاندنەوە:
سروە بەحری

چاپ: نەشری ڕەهرەو ـ مەهاباد

مهاباد ـ مجلە ئاڵەکۆک صندوق پستی ۴۵۷
شمارە حساب: بانک رفاە شعبە صلاح الدین جاری ۱۶۹۰۶۳

E mail: alakok_ mag @ yahoo.com

# خوایە وەتەن ئاوا کەی

یۆسف فازلی



لە شاری بۆکان "دووهەمین فیستیواڵی شێعری منداڵان" بەڕێوەچوو. سەرکەوتنی گەورەی ئەم گوڵزارە ڕەنگاوڕەنگەی منداڵان لەوەدابوو بە یەکێتی و تەبایی و خۆشەویستی گەورەکان دیواری نێوان منداڵ و باوک، منداڵ و کۆمەڵگا تێکشکابوو. هاتنی بەرچاوی دایک و بابەکان؛ دڵسۆزی ئەوانی بەرامبەر بەم ئەرکەی ئەنجوومەنی ئەدەبی نیشان دەدا. ئەم جموجۆڵە بوو بە ئەزموونێک هەتا ئاوڕ لە منداڵ بدرێتەوە و بەکردەوە کاری بۆ بکرێ.

ڕێکوپێکی ئەم فیستیواڵە لە ڕادەیەک دابوو، ڕێگەی لە کەم و کووڕییەکان بڕیبۆوە. سەرجەم ئەم فیستیواڵە نیشانی دا لە کەمترین ئیمکاناتدا گەورەترین هونەری پەیوەندی گرتن ساز دراوە.

قورسایی باری فەرهەنگی ئەم فیستیواڵە لە دوو ڕوانگەوە چاوی لێدەکرێ:

یەکەم: دەریای کەلەپوور و فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک، لە ڕووبار و کانیاوان پێکهاتووە کە منداڵ دەتوانێ لە سەرەتاوە پێی بگا و بیناسێ. دووهەم: کۆبوونەوە لە کەش‌وهەوایەکی ئاوا گەرم و خۆش و ئینسانی‌دا، بەرپرسایەتی بنەماڵەکان و کۆمەڵگا زیاتر ڕوون دەکاتەوە. لە ڕاستی‌دا بە پێکهێنانی ئەم فیستیواڵ و کارناواڵ و جێژن و خۆشیانە، هەم تەمەنی شەڕ و هەڵڵا لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا کورت دەبێتەوە، هەم منداڵ گەرمایەکی تری بە گیانی‌دا دەگەڕێ و هەست دەکا پشتیوانی هەیە.





هەواڵنامەی کتێب

# مشك و پشیلە

ئەحمە سەلـمە (سارکێ) ـ سەردەشت
گێڕانەوە: سەید جامی سەیدنیژاد

ڕێوی وا ڕیوایەت ئەکا
حیکایەت وا باس ئەکا
گا لە کێچی پەیدا ئەکا
***
ڕۆژێك مشك بووك بوو
قالۆنچە بەربووك بوو
سیسرە پێخەسوو بوو
کیسەڵ کەوادروو بوو
***
بووکیان هەڵێنا
بووك کەوتە ناو هەنبانە
زاوا خۆی کرد ئازا
بووکی دەرهێنا
دایکی بووکێ گرتی بروبەهانە
***
پشی کردی بە هەرا
بۆخۆم بۆی دەکرم کەوا
هەر بۆخۆشم دەبم بە زاوا

# کەروێشك

موحسین پۆئادەرك

نـــاوم کەروێشـکە شێنـە
تاجی زۆر لێـم بـە قـینـە
جێگای مـن کێـو و دەشتە
بـە شـەو مەیـلم لە گەشتە
خـواردنـم یۆنجە و گێزەرە
ڕاوچـیـشم قـەسـتـەسـەرە
کـاتـێ دەبـیـنـم دوژمـن
خـێرا هـەڵدێم بـۆ قوژبن
دەستم قوڵە و زەنگەم درێژ
زۆر جـاران دەکـەم کـاوێژ
نـاوم بـە سجیـل نێچیرە
شـۆرەتـم سـەنـگـەسـیـرە





# بوهارە

سابیر عەبدوڵڵاهیزاد ـ مەرگەوەر

بوهارە و بوهارە
شینکاتیە ئەو جارە
زستانا مە دنالیت
هەوار و سەد هەوارە
بوهار کەسك و جوانە
دوور ل دەرد و خەمانە
سڕ مالا خۆ بر چیایی
دەشتێ بەفر نەمانە
گیا بلند و نازە
کەنگر و مەندێ تازە
نەورۆ گول و سوورگولا
ب حەوت ڕەنگا بخازە
ئەم دێچینە کوستانا
دیسا دیکەین بێستانا
دێ بێژینە عەسمانێ
زوو بکەتن بارانا
ویکرا دکەین دوعاوێ
کانی تێر بن ل ئاوێ
دوور بین ئەم ل بەلاوێ
بوهار بێت هەموو گاوێ

# پەپوولە

ئەمین گەردیگلانی

پەپوولە جوانەی باڵ و پەڕ زێڕین
دەنیشێ لە سەر گوڵاڵەی ڕەنگین
سەربالەکانت جوان و نەخشاوە
ئەو هەموو ڕەنگەت لە کوێ هێناوە
منیش وەکوو تۆ باخم پێ جوانە
دار و گوڵ و گیای شاخم پێ جوانە
چی دەبوو منیش باڵم ببوایە
تێرتێر لەگەڵ تۆ هەڵفڕیمایە
پەپوولە جوانەی باڵ زەردی خاڵخاڵ
وەرە پێکەوە ببین بە هاواڵ
پێکەوە دەژین لە باخ و لە ماڵ
بۆ هاوڕێ باشن پەپوولە و منداڵ



# سێ مەڕی کابرایەک

یوسف فازلی

لەو دوور دوورانە، لە کوێستانێکی باسەفا و خۆش‌دا، شوانێك سێ مەڕی کابرایەکی فەقیری دەلەوەڕاند. یەکیان ناوی گیاپێنخۆش بوو. دووهەمی ناوی خەوپێنخۆش بوو. سێهەمی ناوی ژینپێنخۆش بوو. ئەو سێ مەڕە هیچ کات پێکەوە نەدەسازان. هەرکەسێ لە فکری خۆی‌دا بوو. لە هاوسێتی ئەو سێ مەڕەدا گورگێکی ناحەز و ڕەش دەژیا، ناوی خۆی نابوو مەڕپێنخۆش. شوانە زۆر بە دەوری ئەو مەڕانەدا دەگەڕا و پەرژینێکی قایمی بۆ چاك کردبوون. زۆرجار بەو مەڕانەی دەگوت: "ئێوە مەڕیماڵێکن. یەکترتان خۆش بوێ. ئەگەر پێکەوە بن گورگی مەڕپێنخۆش زەفەرتان پێ نابا".

بەیانییەك شوان وە ڕێ کەوت هەتا گوند بچێتەوە و بێتەوە. دوای ڕۆیشتنی شوان، بایەك هەڵیکرد و بارانە باری. گورگی مەڕپێنخۆش تەماح گرتی و بە خۆی گوت: بچم بزانم لە دەروجیران چ خەبەرە. گورگە بە ماتەمات چاوی بە وڵات‌دا گێڕا و شوانی بەدی نەکرد. بڕێکی تر نزیك بۆوە هیچ باس نەبوو. زانی شوان لەو نێوەدا نیە. ئیدی بە خاترجەمی لە مەڕەکان نزدیک بۆوە. لەو پەرژینەی شوان بۆ مەڕەکانی چاك کردبوو، خەوپێنخۆش بە لادا کەوتبوو خەونی دەدی. گیاپێنخۆش کاوێژی دەکرد. ژینپێنخۆش بە ترسەوە چاوی دەگێڕا و بە هەر گرمەیەکی هەور چاوی زەق دەکرد و ئاگای لە وڵات بوو. گورگی مەڕپێنخۆش بۆ ئەوەی خۆی ئینسان‌دۆست نیشان بدا و فریویان بدا، بەردێکی هەڵگرتوو لە دەرگای‌دا. ژینپێنخۆش چووە بەر دەرگا و دیار بوو دەترسێ. بە گورگەی گوت: "بەڵێ! فەرموو! کارت هەبوو"؟ گورگە گوتی: "هاتووم پێتان بڵێم بۆ نیوەڕۆیە هەر سێکتان لەگەڵ شوانەی میوانی منن". گیاپێنخۆش لە خۆشی ئەو قسەیە چوو بۆ لای خەوپێنخۆش و ڤیتی کردەوە و پێی گوت: "هەستە ئەوڕۆ میوانین". ژینپێنخۆش بە توورەیی ڕووی لە گیاپێنخۆش کرد و گوتی: "دەڵێین چی؟ ئێمە ناتوانین بێ‌ئیجازەی شوان بچینە دەرەوە. خەوپێنخۆش گوتی: "ئەگەر جێگایەکی ڕاحەت هەبێ قەیناکا، بۆ نەچین؟ گیاپێنخۆش گوتی: "ئەمن جێگای ڕاحەت و خۆشم ناوێ؛ گیای خۆشی هەبێ دەچم". ژینپێنخۆش گوتی: "ئێمە دەبێ قەدری خۆمان بزانین. نابێ هەرکەس میوانی کردین لە گەڵی کەوین. ئەوە گورگە. گورگ!" لەو قسانەدا خەوپێنخۆش چووە بەر دەرگای پەرژینەکە و بە گورگەی گوت: "ژینپێنخۆش مەڕێکی ترسەنۆکە، بڵێ بزانم جێ‌خەوی خۆشت هەیە یا نا؟" گورگ گوتی: "بەروماڵێکی هێند خۆشم هەیە، خودا هەر بۆ تۆی داناوە لێی بخەوی. زوو بن تا بچینەوە و شتێك ساز کەین، درەنگ دەبێ". گیاپێنخۆش هاتە بەر دەرگا و گوتی: "مام گورگ ئەدی گیای شیرین و خۆشت هەیە"؟ گورگ گوتی: "دامناوە لەو گیاخۆشانە، چێشتێکیان بۆ ساز بکەم دوو بستی ڕۆن لە سەر بێ". خەوپێنخۆش گوتی: "ئەمن دەرگای لێدەکەمەوە". ژینپێنخۆش قەڵس بوو، گوتی: "پێتان عەیب بێ ئێمە مەڕی کابرایەکی فەقیرین. ئەو چاوی لە ئێمەیە چمان بە سەر نەیە. با بزانین گورگ چۆنە میوانمان دەکا! ئەدی بۆ جاران دیار نەبوو". گیاپێنخۆش لەو قسەیە هەڵچوو، گوتی: "ئەکا کابرای ساحێبمان ئێمەی پێ هیچ نەبێ". ئیدی لەو حاڵەدا، گیاپێنخۆش بە سەر، هێرشی بۆ ژینپێنخۆش برد. شەڕ لە نێوان ئەو دوو مەڕە ساز بوو لەولاش‌ڕا شوان گەیشتبۆوە گوند و دوو سەگی دڕی لەگەڵ خۆی هێنابوو. خەوپێنخۆش بۆ ئەوەی ئەو شەڕە کۆتایی بێ، دەرگای لە گورگ کردەوە. لە لایەك گورگ لە بەر دەرگا ڕاوەستابوو، لە لایەك شەڕی ئەو دوو مەڕە بوو. گورگ ڕووی لە مەڕەکان کرد و گوتی: "ئیدی بەسە بەشەڕ مەیەن. میوان و میوانداری چی؟ وەسیەتی خۆتان بکەن، ئێستا دەتانخۆم". مەڕەکان زانیان کار لە کار ترازاوە. گورگ دیتی کات بە سەر دەچێ خۆی پێدادان. مەڕەکان یەك بەو کوێستانە دەیانهێراند. لەولاش‌ڕا شوان نزیك ببۆوە. گوێی لە هێرە هێڕی مەڕەکان بوو. زانی قەوماوە. بە سەگەکانی گوت: "تۆرەتانە".

گورگە تا گوێی لە وەڕینی سەگەکان بوو، هەڵات بۆ بەر دەرگا. بەڵام درەنگ بوو، سەگەکان نزیك ببوونەوە. شەڕ بوو بە شەڕی گورگ و سەگان. گورگە دیتی پێیان ناوێرێ، خۆی دەرباز کرد و هەڵات. سەگەکان وە دوای کەوتن. شوان کاتێك چاوی بە نێو پەرژینەکە کەوت، مەڕەکانی شپرێو دی. شوانە پێی گوتن: "ئەو جار هیچ، جارێکی‌تر پێکەوە تەبا بن".

بارانە لێی کردبۆوە. سەگەکان گەڕابوونەوە. مەڕەکان بە یەکتریان دەگوت: "تۆبە قەت پێکەوە شەڕ نەکەین. بە ڕاوتەگبیر دەتوانین بژین. بە خۆشەویستی کەس دەرووەستمان نایە".



# فێر بوونی زوانی کوردی[۲]

سەید عەبدوڵڵا سەمەدی

وانەی دووهەم:

مناڵە خۆشەویستەکان لە وانەی یەکەمدا باسی ۲۹ پیتی بێدەنگمان کرد. لەو دەرسەدا باسی پیتە دەنگدارەکان دەکەین کە بریتین لە:

ا ـ ە ـ و ـ وو ـ ۆ ـ ی ـ ێ

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیتە دەنگدارەکان | ا | ە | و | وو | ۆ | ی | ێ |
| شکڵی نووسینی پیتە دەنگدارەکان | ئا ـ ا | ـە ـ ە | ۆ ـ و | وو ـ وو | ۆ ـ ۆ | یـ یـ ـ ی ـ ی | ێـ ێـ ـ ێ ـ ێ |

تاقمێک لە وشە هەیە بە یەک جار گوتنەوە لە زار دێنە دەرێ، بەڵام تاقمێکی تر دەبێ ئەوان بە چەند پیت دابەش بکەین و بیاڵێینەوە، بە هەر بەش لەوانە "بەخش" یان "سیلاب" دەڵێن. وەکوو:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ساڵ | باران | بەهاری | خاکەلێوە | هەناسەکێشان |
| ساڵ | با + ران | بە+ها+ری | خا+کە+لێ+وە | هە+نا+سە+کێ+شان |
| ۱ بەشە | ۲ بەشە | ۳ بەشە | ۴ بەشە | ۵ بەشە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کوردی | وانە | بریتین | وشە | بەش | خاکەلێوە |
| فارسی | درس | عبارتند از | کلمە | بخش، سیلاب | فروردین |

۱ـ کتێبی " اموزش خواندن و نوشتن زبان کردی با الفبای عربی" ـ کتاب یکم.



ڕێوی یەکەم: بولبول چەند بەشە؟

ڕێوی دووهەم: دوو بەشە.

ڕێوی یەکەم: بۆ دوو بەشە؟

ڕێوی دووهەم: دایکم فێری کردووم بولبول دوو بەش بکەم (بول ـ بول)؛ دەنا لە گەرووم دەگیرێ و بۆم قووت نادرێ.



# ئالوودە بوونی نووری Light pollution

و: مەسعوود سەید ئەحمەدی

لە دنیادا چوار ئالوودە بوونی گەورەمان هەیە کە بۆ زەوی Earth و دانیشتووانی زەوی پڕ مەترسییە:



۱ـ ئالوودە بوونی ئاو Water pollution

۲ـ ئالوودە بوونی دەنگ voice pollution

۳ـ ئالوودە بوونی هەوا Air pollution

۴ـ ئالوودە بوونی نوور Light pollution

چونکە تا ڕادەیەک لەگەڵ ئالوودە بوونی ئاو، دەنگ و هەوا ئاشناین. باس لە ئالوودە بوونی نووری باسێکی تازەیە. ئالوودە بوونی نووری، نوورێکی زیادییە کە لە لایەن ئێمەوە ساز دەبێ. بۆ وێنە کاتێک ئێوە دەچنە دەرەوەی شار و چاو لە ئاسمان دەبڕن، هەزاران ئەستێرە دەبینن. کەچی کاتێک لە نێو شاردان ناتوانن ئەو ئەستێرانە بە باشی ببینن. هۆیەکەی هەمان ئالوودە بوونی نوورییە.

بە ڕای ئێوە باشترین ڕێگا بۆ چارەسەری ئەم گرفتە چییە؟

سەرچاوە: Poblic chemestry

## گەورەترین قارەمانی جیهان

میدیا برنجی (۸ سالە ـ مەهاباد)

محەممەد ئەوراز یەکێک لە گەورەترین قارەمانەکانی دنیایە. ئەو توانی ساڵی ۱۳۷۷ وە سەر کێوی ئێوێرێست بکەوێ کە شوێنێکی زۆر بڵیندە. ئێوێرێست گەورەترین کێوی دنیایە.

محەممەد ئەوراز پێش مردنی کەس ئەیدەناسی بەڵام کاتێک مرد، هەموو زانیان محەممەد ئەوراز قارەمانێکی گەورە بووە. ئەو پێی خۆش بوو ڕۆژێک بچێ بۆ کوردستانی عێراق. محەممەد ئەوراز مامی من بوو. من ئەوم زۆر خۆش دەویست. پێم دەگوت، "مامە مەمەد". محەممەد ئەوراز ساڵی ۱۳۸۲ مرد و گشتمانی بە تەنیا جێ هێشت.



هەواڵنامەی کتێب

رِاپۆرت

# نامەی مامە هاورِێ

منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان سڵاو!

سڵاوێك وەکوو دڵە بێگەردەکەتان، جوان وەکوو بزە شیرینەکەتان. "مامە هاورِێ"ی ئێوە رِۆژی دەی جۆزەردان لە شاری بۆکان بانگهێشتن کرابوو. گوڵە جوانەکانم! لەم ژمارەیەی ناڵەکۆك بەولاوە "مامە هاورِێ" دەبێ بە هاورِێتان و هەواڵی خۆش خۆشتان بۆ دێنێ و قسەی خۆشتان بۆ دەگێرِێتەوە.

گوڵە جوانەکانم! رِۆژی دەی جۆزەردان لە شاری بۆکان و لە هۆڵی سینەما وەحدەت فیستیواڵی شێعری منداڵان بەرِێوەچوو.



ئەنجوومەنی ئەدەبی بۆکان ئەو کۆرِەی جێبەجێ کرد و لە منداڵە خوێن‌شیرینەکانیان گێرِابۆوە. منداڵان شێعر و سروودی خۆشی کوردیان خوێندەوە، شانۆیان نواند. بە جلوبەرگی رِازاوەی کوردی بەشدارِ کۆرِەکە بوون. شتێکی زۆر خۆشتر ئەوە بوو، چەن کەس لە منداڵەکان شاعیر و نووسەر بوون و شێعر و چیرۆکی خۆیان خوێندەوە. وەکوو تریفە (پەپوولە سادقی، ئەردەڵان باستانی، ئەفسانە پوورقادریان، فاتمە سۆفی‌زادە.





پێتان سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم لەو فستیواڵەدا نزیکەی ١٧٠ منداڵ شێعریان خوێندەوە. ئەوان شێعری منداڵانەیان لە بەر کردبوو! بەڵێ رِێکوپێك چوون و بەرامبەری خەڵك و میوانەکان شێعرەکانیان خوێندەوە. لە لایەن منداڵان و گەورەکانەوە چەپڵەیان بۆ لێدرا و ئافەرینیان لێ کردن. هەمووشیان یەکی یەك گۆڤاری ناڵەکۆکیان بە دیاری پێدرا.

لەو کۆرِەدا (فرِفرِ)ی لێبوو. فرِفرِ بووکەڵە تووتییەکی خوێن‌شیرین بوو کە لە دەربیجەیەکی بچکۆلەوە قسەی لەگەڵ منداڵان دەکرد و ببووە هۆی رِازانەوە و شاد بوونی کۆرِەکە. ئەو بووکەڵە فرِفرِەیە، بە دەستی هونەرمەند جەلال تەباك هەڵدەسوورِا. ئەڵبەتە هونەرمەندی تریشی لێ بوو، وەك مەنسوور باپیری، هێمن سۆهرابی کە بە شانۆی جوان و ساکار و زارۆکانە کورِەکەیان شیرین کردبوو.

ئەدی دادە بەیان! دەناسن؟ دادە بەیان سۆهرابی بەرِێوەبەری کۆرِەکە بوو. دادە بەیان بە دڵێکی ناسك و بێ‌خەوش لەگەڵ منداڵان دەدوا و شێعرەکانی پێدەخوێندنەوە. ئەم فیستیواڵە سەعات چواری پاش نیوەرِۆ دەستی پێکرد و سەعات حەوت و نیوی ئێوارە بە چەپڵەرِێزان و شایی و خۆشی منداڵان کۆتایی پێهات. "مامە هاورِێ" دەستخۆشی بە بەرِێوەبەرانی ئەم فستیواڵە دەڵێ و هیوادارە لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش کۆرِی ئاوا خۆش بەرِێوە بچێ. دیسان هیوادارە ئەو شاعیر و نووسەرە خۆشەویستانەی کۆرِەکە، لە لاپەرِەکانی ناڵەکۆکدا بەرهەمە جوانەکانیان چاپ بێ. ماڵئاوا جگەرگۆشە خۆشەویستەکانم! تا کاتێکی‌تر...



هەواڵنامەی کتێب




١ـ زۆر شیرن و بەتامە و لە شیرەی گوڵ دروست دەکرێ.

٢ـ مانگی جۆزەردان بە زوانی فارسی.

٣ـ دژی رۆژ.

٤ـ بەبێ ئاو ئاژێ.

٥ـ لە ئاسمانە، گەورەیە و نووریشی هەیە.

٦ـ دژی نزیك.

٧ـ هاورێی مامۆستا هێمنە، قورئانی بە کوردی وەرگێراوە.

٨ـ گۆڤارێکی منداڵانەیە تا ئێستا سێ ژمارەی چاپ بووە.

٩ـ منداڵی مانگا بە کوردی.

## وڵامی دروستمان بۆ بنێرن؛ تا سێ کەس خەڵات بکەین.

## ئیشتیا

دایك: ئاغای دوکتۆر تۆخودا فریاکەوە، کورەکەم کلیلێکی قووت داوە.

دوکتۆر: قەیناکا، چاکتر ئیشتیای دەکرێتەوە!

## ماسی

ئاوات: دوێنێ دوو ماسیم دی لە خیابان دەگەڕان.

ئازاد: لەو درۆیەی! ماسی خۆ لاقیان نیە.

ئاوات: ئاخر لە نێو تونگەی شووشەدا بوون!



دیاری (ئارام حەسەن‌پوور)



هەواڵنامەی کتێب



# نەقاشی منداڵە جوانەکان



ئارەزوو سادقی ـ شەش ساڵە ـ بۆکان



هێمن گەردیگلانی ـ شەش ساڵە ـ بۆکان





# جووچکە

چاو لەو جووچکەیەی بکەن لەشی پڕە لە تووکی نەرم و نیان. چی وای پێ ناچێ وەکوو بابی لێدێ. ئەم جووچکەیە ئەسڵەن ناچێتەوە سەر دایکی.



**١ـ کەمێك دوای بوون**

جووچکە لەو هێلکەیەی دایکی دایدەنێ، دێتە دەر. لەشی هێشتا تەڕە، مەگینا؟

**٢ـ نەرم و خەزدار**

ئێستا پەڕوپۆی جووچکە نەرم و ناسکە. جووچکە پێی خۆشە پڕپۆڵە و دانی ورد بخوا.

**٣ـ ڕەنگ گۆڕین**

ئەم جووچکە کەڵەباب (کەڵەشێر)ە وردە وردە گەورە بووە و پەڕوپۆ ناسك و زەردەکەی هەڵدەوەرێ و ئەوان باڵ و پەڕی خاکی دەبن.

**٤ـ پۆپەرە**

ئێستا هەشت حەوتوو لە تەمەنی ئەم جووچکە کەڵەبابە تێپەڕیوە. پەڕوپۆی وەدەرناوە و پۆپەی سەری ڕەنگی سوورە.

ئەم جووچکە کەڵەبابە هێشتا وە بابی ناچێ مەگینا؟

پەڕوپۆی ڕەشی، کلکی درێژی، ئەم جووچکە کەڵەشێرە هێشتا گەشەی نەکردووە.



# کیسەڵەکانیش هەڵدەفڕن

